# جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ

## بەندی 1

هەموو مرۆڤەكان بەئازادی لەدایك دەبن و یەكسانیشن لە نرخ و پایەو مافدا، عەقڵ و ویژدانیان پێ بەخشراوەو دەبێ بەگیانێكی برایانە رەفتار و هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكدیدا بكەن.

## بەندی 2

1- هەموو مرۆڤێ بۆی هەیە سوود وەربگرێت لەتەواوی ئەو ماف و ئازادیانەی كە لەم جاڕنامەیەدا هاتووە بەبێ جیاوازی، وەك جیاوازی بەهۆی رەگەز، رەنگ، نەژاد، رای سیاسی، یان هەر رایەكی تر یان بنەچەی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی، یان دارایی و لەدایكبوون، یان هەر شتێكی تر، بێ هیچ جیاوازییەك لەنێوانی ژن و پیاودا.

2- سەرەڕای ئەوانەش نابێ پایەی سیاسی، یان نێو نەتەوەیی ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیەی كە مرۆڤەكەی لێوەدێت، بكرێتە بناغەی هیچ جۆرە جیاوازییەك، ئیدی ئەگەر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەر بەخۆ بوو یان لەسایەو لەژێر چاودێریدا بوو یان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نەبوو یان سەروەری و سەر بە خۆییەكی گرێدراوی هەر چەشنە مەرج و بەندێك بوو.

## بەندی 3

هەموو كەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

## بەندی 4

نابێت هیچ كەسێك بكرێت بە كۆیلەو بە نۆكەر بگیرێت و هەموو چەشنە كۆیلەیەتی و بازرگانیی كۆیلەیەك قەدەغەیە.

## بەندی 5

هیچ مرۆڤێك ئەشكەنجە و سزا نادرێت و رەفتاری توند و تیژی دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناكرێت.

## بەندی 6

هەر كەسێك لەهەر شوێنێك بێت، مافی دانپێدانانی كەسایەتی یاسایی هەیە.

## بەندی 7

هەموو مرۆڤەكان لەبەردەم یاسادا یەكسانن و مافیان هەیە كە بەبێ جیاوازی لەلایەن یاساوە بپارێزرێن. هەروەها هەمووانیش مافی پاراستنی یەكسانیان دژ بە هەر جیاوازییەك هەیە كە بەپێچەوانەی ئەم بانگەوازەوەیەو دژ بەهەر هاندان و ئاژاوەنانەوەیەكیشە كە ئاوها جیاوازییەك رەچاو دەكات.

## بەندی 8

هەموو كەسێك لەپێناوی پاراستنی ئەو مافە بنەڕەتیانەی یاسا پێی بەخشیوە مافی پەنابردنە بەر دادگای هەیە بۆ داوەرێكردن و پاراستنی مافەكانی لەدەست درێژی كردنە سەریان.

## بەندی 9

هیچ مرۆڤێك نابێت بەشێوەیەكی رەمەكی بگیرێت یان دەست بەسەر بكرێت یاخود دوور بخرێتەوە.

## بەندی 10

هەموو مرۆڤێك، بەتەواوی یەكسانی لەگەڵ ئەوانی دیكەدا، بۆ جویٚ كردنەوەی ماف و ئەركەكانی و هەر جۆرە تاوانێك كە دەخرێتە ئەستۆی، مافی ئەوەی هەیە كە كێشەكەی بەشێوەیەكی ڕەوا و ئاشكرا لەلایەن دادگایەكی سەربەخۆ و بێلایەنەوە ببینرێ.

## بەندی 11

1- هەموو مرۆڤێكی تاوانباركراو بەتاوانێك (بێگوناهە)، تاكو لەدادگایەكی ئاشكرادا كە هەموو هەلومەرجێكی پێویستی بەرگری لە خۆكردنی بۆ دابین دەكریٚ و بەپێی یاسا تاوانەكەی دەسەلمێندرێت.

2- هیچ كەسێك سزا نادرێت لەبەركردن یان نەكردنی كارێك كە كاتی ئەنجامدانی بەگوێرەی یاسای نەتەوەیی یان نێو نەتەوەیی بە تاوان دانەنرابێت. هەروەها سزایەكی قورستر لەو سزایە نادرێت كە لەكاتی ئەنجامدانیدا دەدرا.

## بەندی 12

نابێت بەشێوەیەكی ڕەمەكی دەست وەربدرێتە ژیانی تایبەتی و خێزانی و نامەگۆڕینەوەی هیچ كەسێك و ئابڕو ناو بانگێشتی بەر پەلامار بكەوێت، هەموو كەسیش مافی پاراستنی یاسایی لەو جۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانانە هەیە.

## بەندی 13

1- هەموو كەسێك ئازادی هاتووچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لەنێو سنووری هەر دەوڵەتێكدا هەیە.

2- هەموو كەسێك مافی بەجێهێشتن و بۆ گەڕانەوەی هەر وڵاتێكی تەنانەت وڵاتەكەی خۆشی هەیە.

## بەندی 14

1- هەموو كەسێكی چەوسێنراوە مافی پەنابردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنابردنە بەر وڵاتێكی دیكەی هەیە.

2- كەسێك كە بەتاوانی ناسیاسی یان كردەوەی نەگونجاو لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا درابێتە دادگا، سوود لەم مافە ورناگرێت.

## بەندی 15

1- هەموو كەسێك مافی هاونیشتمانێتی هەیە.

2- نابێت بە زۆر هاونیشتمانێتی لەكەسێك بستێندرێتەوە یان مافی گۆڕینی نەدرێتیٚ.

## بەندی 16

1- پیاو و ژنی ڕەسیو مافی ژن و مێردایەتی و دامەزراندنی خێزانیان هەیە، بێگوێدانە ڕەگەز و نەتەوەو ئایین، و لەكاتی ژن و مێردایەتی و لەكاتی جیابوونەوەشدا مافی یەكسانیان هەیە.

2- مارەبڕین تەنیٚ بە قایل بوون و سەربەستی تەواوی ژن و مێردەوە دەكرێت.

3- خێزان یەكەیەكی سروشتیی و بنەڕەتیی كۆمەڵگەیەو مافی ئەوەی هەیە كە لەلایەن كۆمەڵگەو دەوڵەتەوە بپارێزریٚ.

## بەندی 17

1- هەموو كەسێك چ بەتەنیٚ یان بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵكی دیكەدا مافی موڵكداری هەیە.

2- نابێت بە ڕەمەكی موڵك لە هیچ كەسێك بستێندرێتەوە.

## بەندی 18

هەموو کەسێك مافی ئازادی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایینی هەیە، ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین و بڕوا دەگرێتەوەو مرۆڤ لەدەربڕینی ئەو ئازادادییەشدا، بەفێربوون و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بە پەنهانی یا ئاشکرا و بەتەنێ یا بە کۆمەڵ ئازادە.

## بەندی 19

هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەلگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکە و وەرگرتنی هەواڵ و بیروباروەڕو بڵاوکردنەوەیان بەهەر شێوەیەك و بێ خۆبەستنەوە بەسنووری جوگرافی دەگرێتەوە.

## بەندی 20

1- هەموو کەسێك مافی ئازادی و بەشداربوونی کۆمەڵەو دەستەو تاقمە ئاشتی خوازەکانی هەیە.
2- نابێت هیچ کەسێك بۆچوونە ریزی هیچ کۆمەڵەیەکەوە ناچار بکرێت.

## بەندی 21

1- هەموو کەسێك مافی بەشداربوونی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەیدا، راستەوخۆ یا بەهۆی نوێنەر گەلێکەوە کە ئازادانە هەڵدەبژێردرێن.
2- هەموو کەسێك چوونییەك مافی وەرگرتنی کار و فەرمانبەرییە گشتییەکانی لەوڵاتەکەیدا هەیە.
3- خواستی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە، ئەم خواستەش بەشێوەی هەڵبژاردنێکی دروست و دیاریکراو لەسەر بناغەی دەنگدانی نهێنی و یەکسانی هەمووان دەردەبڕدرێ، یان بە هەر چەشنێکی دیکە کە ئازادی دەنگدان بپارێزێت.

## بەندی22

هەموو کەسێك کە ئەندامی کۆمەڵگەیە مافی بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە ولەرێگەی داهاتی میللی و هەرەوەزی نێونەتەوەیی و بەگوێرەی پەیرەو و داهاتی هەر دەوڵەتێك دەبێ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە پێویستن بۆ نێو و ئاوڕوو و گەشەکردنی ئازادانەی کەسێتی، دابین بکرێن.

## بەندی 23

1- هەموو کەسێك مافی کارکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاری هەیە لەسایەی مەرجگەلێکی رەوا و گونجاودا هەروەها مافی پاراستنیشی لەبێکاری هەیە.
2- هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی مافی چوونییەکی لەکاری چوونییەکدا هەیە.
3- هەموو کەسێکی کارکەر مافی وەرگرتنی مووچەیەکی دادپەروەرانەی هەیە، مووچەیەك کە ژیانێکی شیاوو لەبار وەك مرۆڤێکی سەر بەرز بۆ خۆیی و خێزانی دابین بکات و لەکاتی پێویستیشدا ئامرازی دیکەی بخرێنە سەر بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی.
4- هەموو کەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی دامەزراندن و بوون بە ئەندامی سەندیکایی هەیە.

## بەندی 24

هەموو کەسێك مافی پشوودان و کاتی والاو بە تایبەت مافی دیاریکردنێکی لەباری سەعاتەکانی کارو مافی پشوودانی دەوریی بەمزی هەیە.

## بەندی 24

1- هەموو کەسێك ماڧ ژیانێکی تێرای هەیە کە بەشی پاراستنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بکات، ئەوەش خۆراك و پۆشاك و خانوو چاودێری پزیشکی و هەروەها خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستییەکان دەگرێتەوە. هەروەها ماڧ بیمەکردنی ژیانی لەکاتی بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتەیی و بێوە (ژنی و پیاوی) و پیری لەدەستدانی ئامرازی ژیان بەهۆی هەلومەرجی دەرەکییەوە کە لەدەستەڵاتی مرۆڤ بەدەرە، هەیە.

2- دایك و منداڵ ماڧ یارمەتی و چاودێرییەکی تایبەتییان هەیە وهەموو منداڵانیش ئەگەر بەڕێگەی شەرعی یان ناشەرعیش لەدایك بوو بن دەبێ هەمان پارێزگاریی کۆمەڵایەتییان هەبێت.

## بەندی 26

1- هەموو کەس ماڧ فێربوونی هەیەو دەبێ بەلای کەمەوە پلەی سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خوێندن بە خۆڕایی بن و دەبێ خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بێت و خوێندنی هونەری و پیشەییش بلاوبکرێتەوەو وەرگرتن لەخوێندنی بەرز، بە یەکسانی تەواو بۆ هەمووان و بەپێی توانست هاسان بکرێت.

2- دەبێ ئامانجی پەروەردە، پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و پتەوکردنی رێزگرتن لەماڧەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و گەشەپێدانی لە یەك تێگەیشتن و چاوپۆشیکردن و دۆستایەتی لەنێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە رەگەزیی یان ئایینییەکاندا و زێدەکردنی کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی، بێت.

3- باوکان و دایکان خاوەنی ماڧ یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا.

## بەندی 27

1- هەموو کەسێك ماڧ ئەوەی هەیە بە ئازادی، هاوبەشی ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگە بکات و چێژ لە هونەر وەرگرێ و بەشداری پێشکەوتنی زانستی بکات و سوود لەبەرهەمەکانی وەرگرێ.

2- هەموو کەسێك ماڧ پاراستنی بەرژەوەندی مەعنەوی و ماددی کە دەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمە زانستی یان ئەدەبی یان هونەرییەکانی خۆی، هەیە.

## بەندی 28

هەموو کەسێك شایستەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و نێو نەتەوەییە کە لەسایەیدا هەموو ماف و ئازادییەکانی کە لەم بانگەوازەدا نووسراون بەتەواوی بەدی بێت.

## بەندی 29

1- هەموو کەسێك بەرپرسیارە بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە بەتەنێ لەوێ دەرفەت بەکەسایەتی ئەو دەدرێت کە گەشەیەکی ئازادی تەواو بکات.

2- بۆ مسۆگەرکردنی دان پێدانان و رێزلێگرتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی دیکەو بۆ وەدیهێنانی ئەنجامی رەوای داب و یاساو بەرژەوەندی گشتی و ئاکار لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، هەموو کەسێك لەبەکارهێنانی ماف و ئازادییەکانیدا دەکەوێتە ژێر ئەو مەرج و چوارچێوانەی کە یاسا دیاریکردوون.

3- نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەم ماف و ئازادییانە دژ بەئامانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاربهێنرێن.

## بەندی 30

هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێت وا لێکبدرێتەوە کە رێگە دەدات دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك یا تاکە کەسێك هیچ مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چالاکی یان کارێك بکەن بەمەبەستی تێکدانی ماف و ئازادییەکانی نێو ئەم بانگەوازە.